# ئەمێستا بە دوێنێ ناچم



چنار نامق

ئەمێستاکە جیام لەدوێنێ
جیام لەوساتانەی پەیکەری ڕۆژەکانم
بەپۆرتریتی شەو دەچوو
شەوگارێك ئەستێرەکانی
لە خەڵوەتگای قەدەرەکانیا
مەست دەبوون
مانگی وێڵیش
لە ترپەی پێی ساتەکاندا
ڕادەچەنی
خەمێك هەمیشە دەمبات و دەمهێنێ
ئەوسا ڕەش و
دوێنێ شین و ئەمڕۆ مەیلەو پەمەییە
بەژنی هەندێ باریکتر لەڕابووردوو خۆ دەنوێنێ
لەودیو سنووری ئازارە بێکۆتاییەکانەوە
یەکدیمان بەو دڵۆپە فرمێسکەوە بەجێ هێشت
کەوا قەدەر لەچاوانمان قەتیسی کرد ...
ڕۆژێك لەغووربەت دێیتەوە
پەیکەرت بەدارچنارێك دەچێت
لە بیاباندا ڕوابێت
گەردەلولیش
گەڵای بێگەردی ڕوتی هەڵوەراندبێ
دڵم بەو سارایە دەچێت
لەهیچ وەرزێکی تەمەندا

میهرەبانی نەبینیوە و
بارانی سۆزی بەسەردا نەباریوە
لەویستگەی ئەم تەمەنەدا
دەیان شەمەندەفەرم
بەفارگۆنی بەتاڵەوە بەڕێکرد و
بە هەزاران ڕۆژگارم بە یادگار بەخشی
ئەمێستا جیام لەو ساتانەی
خەمەکانم یەك رەنگ بوون و
روخساریشم زەعفەرانی
ئەمرۆ خەمانم نارنجین
وەك ئەو منداڵە بزێوەی
دەمێ گەمە بەگۆی مەمکی دایکی دەکا و
دەمێکی دی پێدەکەنێ و
تاوێ دەگری
لە سەفەر دەگەڕێیتەوە
روخسارت چون خۆی نامێنێ
غوربەت جوانییەکانمان دەبا و
چرکە ساتێ ئارامیمان پێ نابەخشێ
سەفەر خەونێکە کە دەیگەینێ
لێومان دەکات لەبێزاری